کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
22:04 5-12-2007بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**سەفەرەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕیز کاک (مەسعود بارزانی) گەیشت بە کوێ؟؟؟ ... باوکی شازاد**

ئەوە ماوەی پتر لە 2 هەفتەیە دەنگوباسی خۆش و ناخۆشمان گوێ لێ دەبێ سەبارەت بە دیار نەمانی سەرۆکی کوردستان، بەڕاستی یەکەم جار ڕۆژنامەی (هائارتسی) ئیسرائیلی لە 25 نۆڤیمبەر ئەو هەواڵەی بڵاو کردەوە دوایش ڕۆژنەمەیەکی تری ئیسرائیلی بە ناوی (دیبکا فایل) لە هەمان کات وە بە مانشێتێکی گەورە بڵاوی کردبووەوە، واتە هەواڵەکەی پشت ڕاست کردبووەوە، لە 27 ی نۆڤیمبەر ڕۆژنامەی (الوەتەن) ی تورکی بە پێچەوانەی ڕۆژنامە ئیسرائیلیەکان بڵاوی کردەوە کە سەرۆکی کوردستان دیتراوە لە شاری میلانۆی ئیتالی گوایە لە بازاڕێکی گران بەها خەریکی کڕینی جل و بەرگ بوە خۆی و 10 کەس لە پاسەوانەکانی، بەهەر حاڵ هیوادارین نوسینەکانی ڕۆژنامە تورکیەکە ڕاست بێت و ئەو پیاوە لەو کات و ساتەدا توشی هیچ گیرو گرفتێک نەبێت، هەر کارێکی لەو جۆرە بە زەرەر دەشکێتەوە لەسەر گەلی کورد، ئەوەی جیی دڵخۆشکەریە هەتا ئێستا هەمو دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە کوردستان بەتایبەتی ڕاگەیاندنەکانی پارتی زۆر بە توندی ئەو هەواڵە ڕەت دەکەنەوە بەتایبەتی دکتۆر فوئاد حوسێن قسەکەر بەناوی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان تەئکید دەکاتەوە کە کاک مەسعود هیچ کارەساتێکی بەسەر نەهاتووە خۆی قسەی لە گەڵ کردوە، هەر بەناوی ئەویشەوە بروسکەی پیرۆزبایی نێردراوە بۆ کاردینالی کوردستانی (حەمانوئێل ئاولی) کە لەو ڕۆژانە لەلایەن پاپای ڤاتیکان ئەو پلە ئاینیەی پێدراوە، وەلە هەمان کاتدا بەناوی سەرۆکی هەرێم پرسەو تەعزیەنامە هاتوە بۆ (فەلاح نەقیب) بەبۆنەی کۆچی داوایی باوکی (حسن نەقیب) هەر لە ڕاگەیاندنی پارتیەوە هاتوە گوایە سەرۆک بارزانی کۆبونەوەی کردوە لە گەڵ (مێلی ئێراقی) لە پایتەختی نەمسا ڤیێننا، بەڕاستی هەر چەندە پاساوەکان زۆر بەهێز نین بەلآم هیوادارین بەو شێوەیە بێت کە ئەوان باسی لێ دەکەن، ئەوەی کە گومانی لای خەڵک پەیدا کردوە ئەوەیە بۆچی هەتا ئێستا کاک مەسعود ئەگەر بە یەک پەیڤی بچوکیش بێت بۆ ماوەی چەند چرکەیەکیش بێت ئەو ئیشکالە چارەسەر ناکات و قسەیەک بڵێت کە ئەو سالامەتەو هیچی بەسەر نەهاتوە، مەسەلەکە زۆر ڕون نیە هەتا ئێستا هەرچەند سەرکردە کوردەکان سەفەری دەرەوەیان کردبێت پێشتر بە شێوەیەک لە شێوەکان باسێکی لێ کراوە، بەلآم ئەوجارەیان سەردانەکەی بەشێوەیەکی ڕانەگەیەنراو بو، هەرچەندە ئەوە ماوەیەکە (نێچیرڤان بارزانی) جار بەجار بزر دەبێت دوای مانگێک پەیدا دەبێتەوە خۆ ئەویش لە جاری یەکەم شتیکی وایان بۆ هەڵبەستا جا نازانم هەتا چەند ڕاستی تیا بو کە گوایە یەکێک لە خزمە نزیکەکانی ویستویەتی بیکوژێت و برینداری کردوە بەلآم دیارە سەفەرەکانی ئەو بوە بە عادەت کەس لیی ناپێچیتەوە، بەلآم مەوزوعەکەی کاک مەسعود ئەوە یەکەم جارەشتی وا ڕو بدات بۆیە خەڵکەکە پێیان هەزم ناکرێت، بەتایبەتی وەکو لە سەرەتای بابەتەکەش باسم کردوە بڵاو بونەوەی هەواڵێکی لەو بابەتە لەلایەن دو ڕۆژنامەی ئیسرائیلی شتیکی گۆترە نیە، بەبۆچونی من ئەگەر بەڕاستی شتێک روی نەداوە دەبوایە هەر زوبەزو کاک مەسعود قسەیەکی بکردایە، خۆ ئەگەر شتێکی لەو بابەتەش رویدابێت ئەوە هەتا هەتایە ناشاردرێتەوە، پێویستی بەوە نەدەکرد دیزە بەدەرخونە بکرێت و لە خەڵک بشێوێنرێت، کاک مەسعود ئێستا نە سەرۆکی عەشیرەتی بارزانە و نە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانە، ئیستا ئەو شەخسە سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، موڵکی کەسی پێوە نیە تەنها هی گەلی کورد نەبێت ئێمە خۆمان دەنگماننداوە بەو حیزبانەو ئەوانش ئەویان بە تەوافوقی سیاسی هەڵبژاردوە واتە بە شێوەیەکی قانونی ئەو بوە بە سەرۆکی کوردستان، هەتا ئەگەر خزمێکی خۆشی دەستی لێوەشاندبێت هیچ عەیبی تیا نیە، دەبوایە لەخەڵک ناشاردرابایەوە لەکاتی خۆی لە دەوڵەتی شانشینی عارەبی سعودی خزمێکی مەلیک فەیسەڵ کە کەسانی نزیکی خانەوادەی مەلیک بۆیان هەبوو وە دەیانتوانی بەبێ سانسۆر بچنە دیوانی مەلیک

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

خۆی گەیاندە ژورەکەی مەلیک فەیسەوڵ و داوای پارەیەکی زۆری لێکردبو بەڵام ئەو رازی نەبوبو وابو بەدەستی ئەو خزمەی کوژرا، یەکسەر بەڕەسمی هەواڵەکە راگەیەنرا کە زۆر مەترسیداریش بو بەڵام لە خەڵکیان نەشاردەوە، نازانم بۆ دەبێ هەواڵی کاک مەسعود شاراوە بێت، خۆ بۆ هەموو کەسێکیش دیار کەوت کە گەلی کورد بەرگەی زۆر کارەساتی لەوەش گەورەتر دەگرێت، هەربۆ ڕاستی مەسەلەکەش ئەوە زیاتر لە دوو هەفتەیە ئەو کێشەیە لە گۆڕێیەو بارودۆخی کوردستانیش زۆر سروشتیە، کەس هەست ناکات کە وەزعەکە بە شێوەیەک شلەژابێت یان کاردانەوەیەکی خراپی لێ کەوتبێتەوە، لە هەموشی سەیر تر ئەوەیە ئەو هەواڵە لەلایەن تورکەکانەوە بەدرۆ خراوەتەوە، کەزۆر کەس لە تورکەکان کاک مەسعود بە ناحەزی تورکیا دەزانێت و بە پاڵ پشتی پەکەکەی دەزانن بەڵام سیاسەت وەکو نیسک وایە بەرو پشتی نیە لە سیاسەت هەمو گەمەیەکی سیاسی مومکینە هەروەک گوێ بیستیشی دەبوین لە بەرپرسە تورکەکان جاری وا هەبو هوڕێنەی ئەوەیان دەکرد کە کاک مەسعود بارزانی بڕفینن وەکو ئۆجەلانی لێ بکەن بەڵام ئێستا بە پێچەوانەوە ئەوان هەواڵەکە سارد دەکەنەوە دەترسم هەر سەفەری تورکیای کردبێت بۆیە ئەوان نایانەوێت باسی بکەن، مانای ئەوەیە خەڵک گویی کراوەتەوە بۆ هەر هەواڵێکی خۆش یان دڵتەزێن وە بەوپەڕی سنگی فرەوان پێشوازی لە هەردو ئیحتیمال دەکەن، بەڵام خەڵکی کوردسستان زۆربەی هەرە زۆری بەهیوای ئەوەن ئەو پیاوە بەسەلامەتی بگەڕێتەوە کوردستان و بەشێوەیەکی نۆڕماڵ کارەکانی خۆی ئەنجام بدات، ئەوانەی کە تەمەنا دەخوازن کاک مەسعود شتێکی بەسەر هاتبێت ئەوانیش بەهەڵە چونە لەبەر ئەوەی نەمانی ئەو کەسە هیچ لە مەوزوعەکە ناگۆڕێت، لەبەر ئەوەی ئەویش بڕوات یەکێکی تر لە هەمان بنەماڵە لەویش گەنج تر دێتە نێو گۆڕەپانەکە لەوانەیە کاک مەسعود لە زۆر ڕووەوە باشتر بێت لەمیراتگرەکەی، جا کە وابێت بۆ هەر کاک مەسعود نەبێت، بەڵکو لەسەر دەستی ئەو پیاوە خەڵک تۆزێک بحەسێتەوە، بمانەوێت یان نەمانەوێت ئەو بنەماڵەیە خۆیان دروست کردوە لە هەمو بوارێکەوە مادی و مەعنەوی، لەسەروی هەموشیانەوە ئەمجادی باوکیان کە زۆر لە خەڵکی کوردستان هەر لەبەر ئەوەی ئەوانە نەوەی خوالێخۆشبو (مەلا مستەفا بارزانین) خەڵکەکە بەبێ ئەوەی گوێبدات بە هیچ شتێکی کە ئێمە بیری لێدەکەینەوە دەنگی خۆیان دەدەن بەو پارتەو بەو بنەماڵەیە هەرچەندە خەڵکانی شایستەش نەبن بەڵام لای ئەو کەسانە زێڕی عەیار 24 ن وە بە پیرۆزیان دەزانن، هەر کەسێکی پارتی لێی بپرسە کاکە دەتوانی پیمان بڵییت تۆ بۆچی پارتیت؟ لەوەڵامدا بەبی بیر کردنەوە پێت دەڵێت من لە سەرڕیچکەی بارزانی نەمر دەڕۆم کە باوک و باپیرم لەسەری ڕۆیشتون، بەبی ئەوەی سەریشی لە ڕێچکەی بارزانی دەربچێت و بزانێت چیە وادەزانێت کتێبێکی نوسراوە هەیە بە ناوی ڕێچکەکانی بارزانی نەمر، ئامادەن خۆیانی لەسەر بە کوشت بدەن، بۆیە من بە باشی دەزانم ئەو کەسانەی کە ڕقیشیان لەو بنەماڵەیەدەبێتەوە زۆر دڵی خۆیان خۆش نە کەن بەوەی کە یەکێک لەو بنەماڵەیە لەناوبچێت یان شتێکی خراپی بەسەر بێت، لەبەر ئەوەی هیچ لە مەوزوعەکە ناگۆریت، ئەوان گۆڕی مەلا مستەفایان هەبێت پشتی خۆیان لێ کردۆتەوە بۆیەش ساڵانە خەڵک هاندەدەن بە هەازاران کەس دەنێرن سەردانی گۆڕەکەی بارزانی بکەن لە گوندی بارزان، کردویانە بە نەریتێکی هەمیشەیی هەمو ساڵێک یادیان دەکەنەوە، واتە ڕەسیدێکی لەبن نەهاتوە بۆ ئەو بنەماڵەیە هەرگیز دەستبەرداری نابن، ئەگەر ئەو یاد کردنەوەیە هەرچەندە مەسرەفێکی زۆریشی بوێت ساڵانە دەبێ بودجەیەکی تایبەتی بۆتەرخان بکەن، ناهەقیشیان نیە دەبی وای بۆ بکەن تاکو جیلەکان یەک لەدوای یەک خوالێخۆشبو (مەلا مستەفایان) لەبیر نەچێتەوەو بیناسن، بنەماڵەی بەڕێزی بارزانیش خۆیان توشی هەڵەیەکی گەورە دەکەن ئەگەر شتێک ڕویدابێت و لەخەڵکیان شاردبێتەوە هەرچەندە ئەو ڕوداوە خێزانیش بێت نەدەبوایە بەو شیوەیە مامەلەی لە گەڵ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

5-12-2007 22:04بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

بکرێت لەبەر ئەوەی مسداقیەتی ڕاستیەکانیان لەدەست دەدەن ئەگەر لێدانەکەی ڕاست بێت و خەڵکیان لێ ئاگادار نەکردبێتەوە، بەڕاستی ئێستا هەڤاڵەکانی پارتی و ئەوانەی کە لە دەوری بازنەی پارتیش دەسوڕێنەوە، هەست دەکەن شتێک هەیە بەڵام هەتا ئێستا ئەوانیش بۆیان ڕون نەبۆتەوە وەکو ئێمە لە چاوەڕوانیدان زیاتر لە ئێمە لە مەسەلەکە ناگەن، لەکۆتایی دا هیوادارم ئەو بارودۆخە تۆزاوی و تەموو مژە دابمرکێتەوەو هەواڵێکی ڕاست و دروستمان چنگ بکەوێت، لەبەر ئەوەی مەسەلەی دیار نەمانی کاک مەسعود زۆر تامی نەماوە، بۆ ئەوانەی کە زۆر خۆیان پێ خەریک کردووە، چەندین بیردۆزی جیا جیایان بۆ دێت و سیناریۆی سەیر سەیر بە خەڵک نیشان دەدەن دەربارەی ئەو مەوزوعە، هەندێک لەو هەواڵانە لە ئاستێکی ئەوەندە نزمدان خەڵک بۆیان ناخوێندرێتەوەو کاتی خۆیانی پێ ناکوژن...

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.